# دیـــســـــــان دەنـــگـــــــدان

فـەهـەد گـردەوانـی

ستۆکهۆڵم2005/12/15



لەپاش 2005/12/15 هەردوو حکومەتی سلێمانی/هەولێر دیسان دەست دەکەنەوە بەکار...ئەوەی هەولێر باسی گەندەڵی دەکرد و ئەوەی سلێمانی باسی چاکسازی...بەڵێنی زۆر بەجەماوەر درا تاوەکو دەنگیان بۆ بدرێت...هەردوو سەرۆک بە جیا چاویان بە زۆر چین و کۆمەڵ و خەڵکانی کوردستان کەوت و قسەیان بۆ دەکردن و داوای دەنگدانیان دەکرد کە بە هانایان بێن ، بەرامبەر ئەوانەش بەڵێنیان دەدا کاری باشتر ئەنجام بدەن تاوەکو کوردستان ببوژێتەوە و بەرەو خۆشتر هەنگاو بنێن...کوا ئەو لێژنەی چاودێریە کە هەڵدەستێ بە دەستنیشان کردنی گەندەڵی و چاکسازی...قسەکردن هەر ئەوە نیە رەخنە لە پێناوی رەخنە بگیرێت بەڵکو دەکرێ دەستنیشانی ئەو خاڵانەش بکرێت کەدەبێتە خزمەت کردن لەپێناوی لەناو بردنی ئەو کەموکوڕیانە...جارێ با هەردوو حکوموت بەرنامەی یەکگرتنەوە بخەنە بەردەمی جەماوەر و لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکانیان یا رۆژنامەی حیزبەکانی تر بە ئاشکرا روون بکەنەوە کەموکوڕی و ناتەباییان لەپێناوی چیە ، هەتا جەماوەر شارەزایی هەبێت و یەکسەر ئەو دواکەوتن و ناتەباییە بخاتە سەرشانی ئەو حیزبەی کە دەبیتە رێگر لەبەردەم یەکگرتنەوە ، با بەسبێت یاری کردن بە مێشکی جەماوەر و فریودانی خەڵکی کوردستان...ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەر شانی لێژنەیەکی شارەزا کە خاڵەکان دەستنیشان بکات...ئەگەر هەردوو حکومەتی سلێمانی/هەولێر دەیانەوێ دەستنیشانی ئەو گەندەڵی و کەموکوڕی و دزیانە بکات دەبێت لێژنەیەکی چاودێر{رەقابە}هەبێت تا بتوانی ریسوای ئەوکارە نابەجێیانەبکات کە لە هەردوو حکومەت روودەدا...ئەو لێژنەیە دەبێ دەسەڵاتدار بێت نەک کلک و گوێی مەسئوول...بۆجەی{سەرمایەی} ئەو وەزارەتانە ئاشکرا بکرێت و با وەزیرە بەرێزەکانیش بە سینگ فراوانی دەستنیشانی ئەو کارە خزمەتگوزاریانە بۆ جەماوەر بکات هەتا بزانرێ مەقاولی کورد چەند دزە و چەند لەگەڵ لێپرسراو و دەستڕۆیشتوو شەریکە...ئەگەر ئەو کارانە ئاشکرا بکرێت دز زوو بۆ جەماوەر ئاشکرا دەبێت و وەزارەتیش لە گازاندەو قسە رزگاری دەبێت...هەتا خەڵک لێتان زوێر نەبێت جارێ ئەوا 14 ساڵە کوردستان وەکو پاوان بۆخۆتان لەبەردەستان بووە تکایە ئەو کۆنە جاش و موستەشار و کۆنە بەعسی و لەگامانە لە پۆستە گرنگەکانیاندا لابەرن ، بە سەدان کادیری ریزدار و بەشەرەف و دڵسۆزتان وا لە ئەوروپا و لە شارەکانی کوردستاندا دەسوڕێنەوە کە شەرم دەکەن بکەونە بەردەستی کۆنە بەعسیەک یا کۆنە موستەشارێک جا ئەو گەندەڵیە لابەرن با ئەوانە لە شوێنەکانی خۆیان کار بکەن بەڵام هیچ بەرپرسیارەکیان نەبێت...بۆ مرۆڤی نووسەر و ئەدیب گران دەوەستێ لەبەر دەستی کابرایەکی کاڵفام کاربکات کە هەموو وەزارەتی رۆشەنبیری لەبەر دەست بێت...بۆ گۆرانی بێژ و هونەرمەندی شۆڕشگێڕ بە گران دەوەستێ بکەویتە بەردەستی کۆنە بەعسیەکی چاوەش...بۆ رۆژنامەنووسێک ئاسان نیە بکەویتە ژێر دەسەڵاتی کۆنە بەعسی و راپۆرتنووس...بۆ خاوەن شەهادەی دەربەدەری دەستی رژێم ئاسان نیە بکەویتە بەردەستی ئەو بەرێوەبەرە کۆنە جاش و خۆفرۆشە...ئەو کوڕە شەهیدە چۆن بۆی هەزم دەکرێ لەلای کۆنە موستەشارێک کاربکات...گەندەڵی ئێوە بەوە دەردەکەوێ کە ئەوانەتان خستۆتە بەرچاوان و ووردە ووردە بەو کاردابەشکردنە دەتانەوێ رابووردووی پیسوپۆخڵیان بسڕنەوە ، من ناوانم ریز نەکردووە بەڵام لیستەکان لەبەرچاو و لووتی هەردوو حکومەت ئاشکرایە ، پێویستش ناکات هاواربکەن و بڵێن ئا ئەمانە لە رێکخراوی نهێنی حیزبدا کاریان دەکرد ،چونکە بەری رۆژ بە بێژینگ ناگیرێت...ئەو کادیرەشارەزایانەی دەرەوە با پارتی و یەکێتی نەبن بانگیان بکەن کاریان بۆ دابین بکەن گەلێک لەو کەسانەتان باشترن کە هیچ ناکەن تەنها راپۆرتان بۆ دەنووسن...شەرمە بۆ حکومەتێک خۆی بە دیموکراتی ناونووس بکات، کەچی رۆڵەیەکی کورد حەز دەکات لە سلێمانی بچیتە هەولێر یا لە هەولێر بچیتە کۆیە بۆ خوێندن داوای لێدەکەن

ئایا ئەندامی قوتابیانە یا خوێندکاران ، ئەو زانکۆیانە با بە خاوێنی و پاکی بمێنیتەوە ،ئەوە خزمەتتان ناکات و هەروەکو بەعسی گۆڕبەگۆڕتان لێدێت...هەموو مندالآنی کوردستان دەبێ بە ئیجباری{بەزۆری} رەوانەی خوێندن بکرێن و ژیانیان بۆ ئاسوودە بکەن ، بەعسی خوێڕی لەپێناوی بلآوکردنەوەی بیرەشۆفینەکەی خۆی خوێندنی ئیلزامی کردبوو مندالّی کوردی فێره وحده و حریه ..هتد دەکرد، ئێوە 14ساڵە نەتان توانی مانگانە 100هەتا200 دینار بۆ ئەو منداڵانەی گولەبەرۆژە و ساردەمەنی و بۆیاغچیانە دابین بکەن هەر هەموویان دەگەڕێنەوە خوێندن تەواو دەکەن ئەگەر بۆیان دابین بکرابوایە ، جا لەکاتی دابین کردنی خوێندنی و خەڵکتان فێرە خوێندەواری کرد هەر لەسەر کتابەکانیان وێنەی خۆتان و حیزبەکەتان بڵاوبکەنەوە و بنووسن دیاری ئێمەیە با نەخوێندەواری لەناو ئەو سێ چوار ملیون کوردە تەوا بێت ، ئەو ملیارە دۆلارانە بەشی دەیان و سەدان قوتابخانە دەکات ئەگەر دەستەکان پاک بن ، با دەستەی باڵای خوێندن راپۆرت بلآوبکاتەوە بزانی لەسەداچەند خوێندەواری بەرەوپێش و پاش چووە...کوا بۆ دەرمان و نەخۆشی و نەخۆشخانە چیتان کرد خۆمن باسی تاریکستانی هەولێر و سلێمانی ناکەم کە زستان و هاوین بێکارەباوئاون...ئەی بۆ کەرکوک و خەڵکی کەرکوک کە ساڵەکی تر دەبێتە شاری کوردستانی چیتان ئامادەیە، پرۆژەی تازەتان چیە...کوا من چی لەبازاری عەسری و بازاری سوپەرمارکێتی دۆلار بکەم کە هێشتا ئاوی خاوێن بۆ بەشی زۆربەی کوردستان دابین نەکراوە ، توالێتەکی پاک و خاوێن لەسەر شەقامەکان دروست نەکراوە....کوا ئەو خانوانەی بەسەر ئاوارە دابەش دەکرێن یا ژنە شەهید و کەسوکاری ئەنفالّ کەی تێدا دەحەسێتەوە...ئەوانە نابێتە نرخی قیرتاوکردنی ئەو رێگایانەی کە مەسئول بۆ بەردەم ماڵەکەی خۆی دروستی کردووە...ئەو شەقامانەی دروست کراوە دەبێ خەڵکیش لێیبپرسیتەوە بۆ بە گەرمای هاوین و بارانی زستان تێک دەچی ، پارەکەی کەوتە کوێ...ئا ئینجا بەرێز مام جەلال و بەرێز کاک مەسعوود بۆمان دەستنیشان بکەن ئەو شتانەی کراوە و ئاوەدانی لەسەرشانی حکومەتی سلیمانی و هەولێر پێشکەش بە خەڵک کراوە، بەڵام بۆمان ئاشکرابکەن ئەو پارانەی لە بەرانبەریشی بۆ کوردستان وەرگێراوە چەندن...جارێ هیچ مەکەن زوو هەوڵبدەن ببن بە خاوەنی لەشکرێکی یەکگرتوو ، هەرچوار دەورەتان بە دوژمن چینراوە ، هەتا حکومەتەکەی بەغداش وا خەریکە لەشکر دادەمەزرێنی ، ئێوە هەر بۆ چاوی دوژمنان هێزێکی پێکەوەیی رابگەینن...ئەو گەنجانەی کە بێکار دەسوڕێنەوە فێریان بکەن چۆن پارێزگاری لە نیشتمان بکەن نەک لە حیزبەکانتان ، هەتا سبەی ببنە پارێزگاری خاکونیشتمان...ئەو ژنانەی خاوەن منداڵ و بێپیاون موچەیەکیان بۆ دابین بکەن هەتا هانا نەبەنە بەر کاری ناهەموار ... ئەو میکرۆبە کەناوی {مەوادی موخەدیرات}ە بە زووترین کات بنبەستی بکەن رێگا مەدەن لە سنووری تورکیاوئێران بێتە ژوورەوە، کوردستان لەو جۆرە بابەتە دوور بەدوور بوو کە ئێستاکە وا بڵاو بۆتەوە لەناو گەنجان و بازرگانی پێوە دەکەن...بەنزینخانەکانتان لە رووی خەڵکیش کراوەبێت نەک تەنها بۆ کوڕە مەسئوولەکان و لێپرسراوان ، ئەو دەبە بەنزینانەش مەهێڵن کە لەسەر شەقامەکان مافیاکانتان دەفرۆشن و رۆژ بە رۆژ گاڵتە بە نرخی دەکەن ، لە وڵاتەکی نەفتاوی بۆ ئێوە جوان نیە منداڵ لەسەر شەقام بەنزین بفروشی و بازرگانی پێوە بکرێت...ئێوە هەردووکتان گوێ لەو رەخنانە بگرن و فاکس و تەلەفۆنتان بۆ خەڵک ئاشکرا بکەن رۆژێک لە هەفتەی با خەڵک بۆتان بنووسی و قسانتان لەگەڵ بکەن هەتا نەڵێن ئاگاداری هیچ نین و سکرتێرەکانتان با دڵیان فراوان بێت و رەخنە قەبووڵ بکەن کە لە بەرژەوەندی پێشکەوتنی کوردستانە ، منیش دەنگم دەخەمە ریزی دەنگتان کە هیچ کەس بۆی نەبێت لە دەرەوەی یاسایی قسەی ناشرین و بوختان دەربارەی کەس بلآوبکاتەوە و هەڵبەستێ...با هەموو شتێک لە پێناوی بەرژەوەندی کوردستان ببێت........